# له بەرامبەر سازشکردن له گەڵ لایەنەکانی سیناریۆیی ڕەشدا بێدەنگ مەبن!

# نامەی کراوە بۆ ئەندام و کادرە کۆمۆنیستەکانی ناو " حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق"

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەسەربەرەو لێژی داڕوخانی سیاسی دایە . باڵا دەستی مەحفەلی ڕێبوار ئەحمەد بەسەر ڕابەرایەتی ئەم حزبەدا بێ توانایی یان بێدەنگی بەشەکەی تری ڕابەرایەتی لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ئەودا ، وەرچەرخان بەروە ڕاست لە سیاسەت و ئاسۆی ئەم ڕەوەتەدا زۆر چووەتە سەرەوە . سکانداڵە سیاسیەکانی ئەم دوایانەی سەردەمی " هەڵبژاردن" و بەیانامەی ڕێبوار ئەحمەد و بەرزکردنەوەی " ئاڵای سپی لەبەرامبەر سەرۆك تاڵەبانیدا" ئەم وەرچەرخانەی بەرەو ڕاست گەیاندە لوتکەی خۆی. جیهەتگیری ئەمڕۆی ئەم حیزبە، خەت و ئاسۆی کۆمۆنیستی کرێکاری پێشوی ئەو و هەروەها هەوڵی کۆمۆنیستەکانی ناو ئەم حزبەی بۆ گۆرینی ژیانی خەڵکی عێراق و ڕزگاری ئەوانی لە گەردەلولی سیناریۆی ڕەش، خستە بەر زەربەوە .ئەم بارو دۆخە پرسیاری گرنگ و جددی دەخاتە بەرامبەر کۆمۆنیستەکانی ناو ئەم حزبەوە .هیچ ئەندام و کادرێکی کۆمۆنیستی ناو ئەم حزبە نابێت لەبەرامبەر ڕاست ڕەوی و تەسلیم بوونەوەو ئۆپۆرتۆنیزمی ڕابەری ئەم حزبە بێ دەنگ بێت، خستنە لاوەی ڕادیکاڵزمی کۆمۆنیستی لە ناو ئەم حزبەدا دەبرێ بەرێوە کە ئێوە ئەندام و کادری ئەون .

بە جیا لەوەی چی کەم و کوڕی و پرسیارێ لەسەر لایەنە جیاجیاکانی سیاسەت و پراتیکی حزبی ڕێبوار لە یەکساڵی ڕابردوودا دەتوانرێ بخەیتە ڕوو، ئەوەی کە بەشێوەیەکی بەرجەستە وەرچەرخانی حککع بەرەو لای ڕاست ڕۆشن دەکاتەوە ئەو ڕاستیەیە کە ئەم حزبە گۆڕاوە بەتاقیگەیەك بۆ بارهێنانی دیپلۆماسیەت و بۆ تەرح کردنی دەوڵەتی هاوپەیمان کۆڕشی مودەرسی کە زەمینەکەی بە دوای مەرگی مەنسوری حیکمەت و جیابوونەوە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران دا ئامادەبوو . مەحفەلی ڕێبوار ئەحمەد لە ڕابەرایەتی حزب دا بۆ پیادەکردنی ئەم تەرحە پشتێنەکانیان توند کردوەتەوە بەڵام ئاگایان لەوە نیە کە بەرهەمی ئەمە نەك بەشداربوونە لە دەسەلاَت بەڵکو گۆڕانە بە یەك مەسخەرەی سیاسی . با هەنگاوە بنچینەیەکانی ڕەوەندی ئەم وەرچەرخانە بەرەو ڕاست بەشێوەیەکی کورت دەستنیشان بکەین:

1– دیفاعی بێ قەید و شەرتی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ئاڵای ڕاسترەوی مونشەقەکان

ئەمە ئاڵایەك بوو کە نەك تەنها بنچینەی شۆڕش و ناوەڕۆکی بەحسی حزب و دەسەلاَتی سیاسی مەنسور حیکمەتی خستبووە لاوە ، بەڵکو گرنگتر لەوە ڕادیکالیزمی کۆمۆنیستی و بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە دەستووری خۆی وەلا نابوو .لە بەرامبەردا ڕێگای گەیشتنی بە دەسەلاَتی سیاسی لە ڕێگای دیپلۆماسیەت و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیئتلافی یەوە فۆرمۆڵە دەکرد کە ئەمڕۆ و بە هەمان شێوە ڕۆشنایەکی ئارامە بۆ ڕێپێشاندانی بزووتنەوەی حزبی مونشەقەکان . هاوخەت بوونی ڕابەری حککع لە ڕاوەستان لە پشت حزبی مونشەقینەوە، لە ڕاستیدا ڕێبوار ئەحمەدی بۆ دیفاع کردنی بێ قەید و شەرت لەم ئاڵایە ناچار کرد. دیفاع لەم ئاڵایە لە بارودۆخی ڕێکخراوەیی حککع و بارودۆخێك کە سەرنجامی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق هینابوویە ئاراوە ، بە گشتی زەمینەی بۆ سەرمەشق کردن لە دیفاع لەم ئاڵایە ئامادە کرد . هەر چۆن ئەم پرۆژەیە بەگشتی چووە دەستوور کاری ڕابەری حزبی ڕێبوارەوە،بەهەمان شێوە، ئیستراتیژی کۆمۆنیستی بۆ دەخالەت لە کۆمەڵگەو بۆ گەیشتن بە دەسەلاَتی سیاسی زۆر بە خێرایی لە دەستوور کاریان وەلا نرا .

2– دامەزراندنی " کۆنگرەی ئازادی عێراق"

کاتێك کە هێشتا ئینشقاق لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران دا شکڵی نەگرتبوو، حەمید تەقوایی تەرحی ئیستراتیژی دەسەلاَتی سیاسی لە بارودۆخی سیناریۆی ڕەشی نووسیەوە و خستیە بەردەستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە . ئەم تەرحە لە نێو ڕابەری حککع دا پێشوازیەکی جدد لێکرا بە وێنەی کرانەوەی ئاسۆ و دورنمایەکی تازە و گرنگ بۆ هەڵسوڕانی

حزب هەڵسەنگێنرا . بەڵام ئەم تەرحە بەدوای ئینشقاق دا خرایە لاوە و جێگای خۆی دا بە تەرحی "کۆنگرەی ئازادی عێراق". تەرحی هاوپەیمانێتی کۆنگرەی ئازادی عێراق سەرباری ئەوەی کە قەرار بوو ئاوێنەبەنی ڕازاندنەوەی رووی حککع بێت، وەسیلەی ڕاگەیاندنی ئامادەبوون بۆ ڕۆچوون بوو بۆ ناو بەرهەیوانی دیپلۆماسی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی عێراق دا .کۆنگرەی ئازادی عێراق بە شێوەیەکی پراتیکی جێگایەیکی زۆر و گرنگی لە هەڵسوڕانی حزب داگیر کردوە و ئیستا هەموو کەس دەزانێ لەم ماوە کورتەدا یەکێك لە کارە تەنفیزیە گرنگەکانی کۆنگرەی ئازادی عێراق ، دەوری بوو لە " هەڵبژادنەکانی" 15 کانونی یەکەم دا .

3- " کۆنگرەی ئازادی عێراق" و " هەڵبژاردن"

جگە لەوەی لە "هەڵبژاردنی" پێشودا ، رێبوار ئەحمەد بە چاوپۆشین لە ناوەرۆکی سەرو کۆنەپەرستانەی جانەوەرانی سیاسی کە حکومەتی دەستکردی ئەمەریکایان پێك هێناوە، شەرت و شروتی " هەڵبژاردنی ئازادی" دەژمارد، لەم "هەڵبژاردن"ی دوایشدا ، بەدوای گۆ ڕانی " مام جلال" بە " سەرۆك تاڵەبانی" دا ، کۆنگرەی ئازادی عێراق مەئموریەتی ئەوەی بەرکەوت تا دۆستە" نزیکە" کان لە نێو " لیستە" کاندا بدۆزێتەوە بۆ دانشتن لەگەڵیاندا و توافق کردن تا بەیەکەوە لە "هەڵبژاردندا" بەشداری بکەن و هەر بەم دەلیلە بوو حزبی رێبوار ئەحمەد " هەڵبژاردنەکانی" بایکۆت نەدەکرد .( بۆ زانیاری زیاتر و روون کردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە بگەرێرەوە بۆ چاوپێکەوتنی سامان کەریم لە "جەماوە" دا). دوای ئەوەی کۆنگرەی ئازادی عێراق بە هیچ سەرنجامێك نەگەیشت لە دانشتن و گفتو گۆ کردنەکانیدا لە گەڵ لیستە کۆنەپەرستەکانی عێراق دا و نەیتوانی پەیوەست بێ بە یەکێ لە لستەکانەوە کە لە " هەڵبژاردندا " بەشداریان کردبوو، و بەبێ ئەوەی هیچ ڕوون کردنەوەیەك دەربارەی سەرنجامی دانشتن و گفتوگۆکان بە کۆنەپەرستان بلاوبکاتەوە بۆ خەڵك ، لە پڕ یەك هەفتە پێش " هەڵبژاردن" بیانامەی بایکۆتی" هەڵبژاردن" ی دەرکرد . ئەم ئۆپۆرتوێنیزمە ئەو "تایبەتمەندیەشی" هەیە کە لانی کەم لە بەرێچوونی " هەڵبژاردن" دا لە تا ڕوویەکیان بمێنێ لەلای ئێوە ئەندام وکادرە کۆمۆنیستە چاودێرەکان! لێرە دا فەلسەفەی بوونی " کۆنگرەی ئازادی عێراق" ،وەك چوارچێوەیەك بۆ بەشداری لە " هەڵبژاردن" دا و هاوپەیمانێتی و دانشتن لە گەڵ ئەحزابی کۆنەپەرست، و ئیستراتیجی تەوەهوم بۆ بەشداری لە دەسەلاتی سیاسی دا لە ریگای دیپلۆماسیەتەوە، ڕوون دەبێتەوە .

4- " ئالای سپی لە بەرامبەر سەرۆك تاڵەبانیدا"

لە کاتێکدا کە هێشتا هەڵبژاردن بایکۆت نەکرابوو، هێشتا لە ریگای کنگرەی ئازادی عێراقەوە گفتو گۆ لە گەڵ لیستە بەشدابووەکان لە " هەڵبژاردنی پەرلەمانی حکومەتی مەرکەزی" بەڕێوە بوو، لە هەل و مەرجێکدا کە ناسێونالیزمی کورد لە دەسەلاتدا بەشدا بووە و جلال تاڵەبانی بووە سەرۆکی حکومەتی دەستکردی ئەمەریکا، لە هەمان کاتدا کە بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵك لە سلێمانی بەرەو ئەوجی خۆی دەڕۆیشت، ئا لەم کاتەدا ڕێبوار ئەحمەد بە بەیانامە بانگیشتی حکومەتی مەحەللی دەکات و " ڕاگرتنی یەکلایەنەی شەر" ڕادەگەیەنێ! بە مانایەکی تر سازشی یەکلایەنە یان تەسلیم بوونەوە پێشکەش دەکات . پێنج ساڵ بەسەر گولەباران کردنی هاوڕێیانی ئێمە لەلایەن داروودەستەی تاڵەبانیەوە تێدەپەڕێت، گوایە! ئیتر تەحەمولی ڕێبوار ئەحمەد لە " کێشمەکێش" لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی دا لە چەند مانگی ڕابردوودا لە شەرایتێکدا کە ئیشارەتی پێ درا بەسەر چووە . پێنج ساڵ بۆ دەرکردنی بەیانامەیەکی ئاوەها ، لە هەل و مەرجێکدا کە سەرکوتگەری و زیادەڕەوی یەکێتی نیشتمانی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نە هاتووە، و ڕێبوار ئەحمەدیش جەنگی لەگەڵ ئەواندا رانەگەیاندبوو، دەرکردنی بەیاننامەیەکی ئاوەهاتەنها بەهۆی گۆڕانی ئەوزاعی سیاسی عێراقەوەیە . ڕێبوار ئەحمەد باش بارنەهاتوە، بۆیە ئەم دەورەیە بە دەورەی ئارامی سیاسی دەزانێ و بەم دەلیلەیە گۆڕینی خەتی سیاسی لەبەرامبەر یەکێتی نیشتمانی دا دەگرێتە پێش ، ئەمە تەواو کەری هەوڵەکانیانە بۆ بەشداری لە "هەڵبژاردندا" .ئاسمان و ڕێسمان دێننەوە یەك تا ئەندام و کادرەکانی حزب بەدەنگ نەیەن هیچ ڕوونەدات و دەڵێن ئێمە پێش تریش " چاوپێکەوتن و مفاوەزاتمان" لە نێوان دا بووە، دیارە لەو باوەڕەدان کادرەکانی حزب جیاوازی نێوان چاوپێکەوتن و گفتو گۆ لەگەڵ بیانامەی تەسلیم بوونەوە ناکەن.

هەروەك موهتەدیش پێشتر ئەی ووت ئێمە هەمیشە پەیوەندیمان هەبووە لەگەڵ یەکێتیدا .مو بە موی دلیل هێنانەوەکانی عەبداللە موهتەدی کە وەختێك بەدوای " دۆستانی ئێستا و ئایندەدا" وێڵ ببوو دوبارە دەکاتەوە .هەروەك چۆن موهتەدی دەڵێ پێشتریش لە گەڵ یەکێتیدا پەیوەندیمان هەبووە . ڕێبوار لەوە تەئکید دەکاتەوە کە بە ئیسلامی سیاسی حەساس ترە تا بە ناسیۆنالیزم و عەبداللە موهتەدیش پاساوی دەهێنایەوە بۆ ئەوەی نوکی تیژی شمشێر نابی بکەینە یەکێتی! وەڵامی هەمەلایەنەی مەنسور حکمەت بە عبدالله موهتەدی ئەمڕۆ سەد پلە زیاتر یەخەی ڕێبوار ئەحمەد دەگرێت .کاتێك عبدالله موهتەدی دەیویست نامەی هاودەردی بنووسێت ، ناسیۆنالیزمی کورد هێشتا لە دەسەڵاتدا نەبوو سیاسەتە کۆنەپەرست و دژی خەڵکیەکانی لە مەوقعیەتی دەوڵەتی مەحەللی و مەرکەزیدا بەم ڕادەیە ئاشکرا نەبوو بوو . ئاڵای سپی تەسلیم بوونەوەی ڕێبوار ئەحمەد بەرامبەر یەکێتی نیشتمانی ڕووی عبداللەی سپی کردوە .

هاوڕێیان ، کادره کۆمۆنیستەکان!

ئەوەی بە کورتی پەنجەمان خستە سەری تەحلیل نیە، راستی یە. رابەری حزبی ئێوە بڕیاری داوە کە " ئۆپۆزسیۆنێکی موجاز " بێت ، دەیانەوێ لە بەرامبەر حکومەتی مەرکەزی و مەحەللی دا موئەدەب بن و لە گەل یەکێتی نیشتمانیدا یەك لایەنە سازش بکەن .ئەیانەوێ نارەزایەتیەکانی خەڵك بکەنە دەسمایەی سازش کردنیان .پەیامەکەیان ئەوەیە ئەگەر یەکێتی نیشتمانی وەڵامی ئیجابی بە بەیاننامەی تەسلیم بوونەوەیان بداتەوە ئیتر لە ڕێکخستنی نارەزایەتی خەڵکدا دەخاڵەت ناکەن، لەو بەیاننامەیدا ڕاستەوخۆ تەئکید لەوە دەکات یەکێتی سەرکوتی نارەزایەتیەکانی خەڵك بۆیە دەکات بە بەهانەی دەخاڵەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە تێدا ئەمەش لە بەیانەمەکەیاندا بە ڕۆشنی هاتووە. دوای هێرشی چەکدارانەی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر هاوڕێیانمان لە پێنج ساڵی ڕابردوودا، حککع نە جەنگی لەگەڵ یەکێتیدا بووە و نەجەنگیشی لە دژی ڕاگەیاندووە ، بەم پێیە ئەم "ڕاگرتنی ئاگربەستی یەکلایەنەیە" ئاگەربەستێکی سیاسیە .

پرۆژەی دەوڵەتی هاوپەیمانی کۆڕشی مودەڕسی لە بوارێکی تا ڕادەیك راست ڕەوانەتر دا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقی کردوەتە بۆتەی تاقیگا و بەرهەمی ئەمەش تا ئێستا ئەوەیە کە دەیبینین .دیارە خۆتان بەچاوی خۆتان دەبینن کە رابەری ئەم حزبە لە کاردانەوەکانیدا بەشێوەی نووسراو بە قسە لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا، لە چەشنی حزبی و شیوعی و تودە و ئەوانەی وەك ئەوانن، چەندە پیس زبان و هستریا دایانی گرتووە .لەگەڵ حزبەکانی شەریك لە حکومەتیشدا موئەدەب و ئەهلی گفتو گۆو سازشن و لەگەڵ ئێمەدا لە جۆین فرۆشی و بە بەکاربردنی فەرهەنگی لۆمپنی ناسیۆنالیزم هیچ سڵێك ناکەنەوە، ئەمەش دووبارەیە و ئاشناین پێی .لە وەڵامی ئێمەدا دەڵێن " ئێوە سازش نازانن و پێ لە هەوان" هەر وەك هەموو ڕەوەندەکانی ئۆپۆزسیۆنە بێ وەیەکان " پێ لە زەوی" بۆ ئەوان ماناکەی گەشت و گوزار کردنە لە داڵانەکانی دیپلۆماسیەت و سازش و تەسلیم بوونەوەدا .

بەڵام پرسیاری ئێمە لە کادرە کۆمۆنیستەکان ئەوەیە ئایا دەتانەوێ لەگەڵ ئەم رابەریەتیەدا هاو چارەنووس بن؟ ئیتر هیچ بەڵگە هێنانەوەیکی ناوێ ئەم حزبە بەم کارکردو سیاسەتەی ئیتر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نیە هەتا ناشیەوێت بەچەپی بمێنێتەوە .لە یەك شەودا سونەت و سیاسەت و دەستکەوتەکانی مەنسوری حکمەتی بە با داوە. رادیکاڵزمی کۆمۆنیستی خستوەتە کەنارەوە .کاتێك تواناى دەخاڵەتی رادیکاڵیان لە مەیدانی سیاسیدا لە دەست دا بۆ کردنەوەی مەقەڕێك بە " عەقڵی سەلیمیان" ڕوویان کردوەتە علاقاتی حسنە لەگەڵ ئەحزاب .هەتا ناتوانرێت بووتریت سۆسیالیزمەکەیان کاڵ بووەتەوە ، لەئەرشیفی سیاسیاندا بۆ گەردی سۆسیالیزم دەبێ بە مایکرسکۆپ بگەڕێی. کۆمۆنیستەکان ناتوانن بێدەنگ بن لە وەزعیەتی ئاوەهادا .

هاوڕێیان،

ئێمە داواتان لێدەکەین لەبەرامبەر ئەم ڕاسترەویەو پشت کردنە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری لە لایەن رابەری حزبتانەوە ڕابووەستنەوە.بەهەر شێوەیەك کە بۆتان دەکرێت خۆتان ڕێکخراو بکەن و بە ئاشکرا ڕەخنە لە سیاسەتی سازشکارانەو ڕاسرەوانەی رابەری بگرن و رسوای بکەن ڕێگا مەدەن باڵا دەستی ڕەوتی ڕاست بەسەر حزبدا قایم ببێت . لە ڕوانگەی ئێمەوە

**داڕوخانی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بە قازانجی چەپ و ئازادیخوازی نیە، لە بەرژەوەندی خەڵکی گیرخواردوو لەناو گەردەلولی سیناریۆی ڕەش و دارودەستەکانی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالست دا نیە .ئەم گۆرانانە لەناو حزبی ئێوە بەڕێوە دەچێت ئێوە بەرپرسیارن لێی .کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز لە ئێوەی کۆمۆنیست بێدەنگی و بێ هەڵوێستی قبوڵ ناکات .ئێمە دەزانین ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سیاسەتە تازەکانی رێبوار ئەحمەد و مەحفەلەکەی کارێکی ئاسان نیە و هەڵبەتە ڕەخنە گرانی ئەوان ڕووبەڕووی دەرکردن و لابردن دەبنەوە .تۆ بڵێی ئەندامێتی لە حزبێکدا کە ڕووی وەرگێڕاوە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەندامێتی ئیفتخاری بێت؟ ئەمڕۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق نوێنەری کۆمۆنیزمی کرێکاری و ئامانجەکانی مەنسوری حیکمەتە لە عێراقدا ، ئەم حزبە حزبی هەموو ئەو کۆمۆنیستانەیە کە بۆ گۆرینی ژیانی ئینسانەکان بە ئامانجی سۆشیالیزم و رزگاری بەشەر لە دەست رژێمی ئیستا تێدەکۆشن، ئەم حزبە حزبی ئێوەیە. هەر کاتێ بتانەوێت دەتوانن پەیوەست بن بەحزبی خۆتانەوە، بەڵام ئەمڕۆ پێشنهادی ئێمە بۆ ئێوە ئەوەیە کە تەواوی تەمەرکوزی هەوڵتان لە پێناو راگرتنی باڵا دەستی رابەری ڕاست ڕەوی حزبی رێبوار ئەحمەد بخەنە کار .**

**هەیئەی تەنفیزی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق**
24 **کانونی یەکەمی** 2005